هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
# ژمارە (٨٤) لە ٢٠٢٠/١٢/٢

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمووارکراو، و پشتبەست بە ماددەی (٣/ یەکەم/ یەکەم-٢) لە یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠، و ماددەی (١٠) لە پەیڕەوی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٠، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە نووسراوی (٦٨٤) لە ٢٠٢٠/١١/٣٠، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٤٦) لە ٢٠٢٠/١٢/٢، بڕیاردرا بە:

١. دیاریکردنی مافی دەرماڵەی (لەبری کەمئەندامی) بە ڕێژەی (٥٠ %) لە سەدا پەنجا لە مووچەی بنەڕەتی کەمئەندامی فەرمانبەر بە مەرجێک لە بڕی (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار تێپەڕ نەکات.

٢. دەرماڵەی هاتوو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە بەپێی ڕێژەی کەمئەندامیی دیاری دەکرێت لەلایەن لیژنەیەکی پزیشکیی پسپۆڕەوە بەگوێرەی پێوەرەکانی ئەو ڕێنماییەی کە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە هەماهەنگی وەزارەتی تەندروستی بۆ ئەم مەبەستە دەری دەکات لەبەر ڕۆشنایی یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١.

٣. دەرماڵەی هاتوو لە خاڵی (١)ی سەرەوە بەردەوام دەبێت لە کاتی خانەنشینبوونی فەرمانبەری کەمئەندام، پشتبەست بە برگەی (دووەم) لە ماددەی (شەشەم) لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١.

٤. ڕاسپاردنی فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ پێشکەشکردنی ئاسانکاریی تەکنیکی لە چوارچێوەی پرۆگرامی تۆماری بایۆمەتری مووچەخۆران تایبەت بە سەرجەم وەزارەت و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ئەو فەرمانبەرانەی بەخشین وەردەگرن لە لیستی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت تاوەکو بارودۆخیان بگونجێندرێت لەگەڵ بڕگەکانی ئەم بڕیارە.

٥. سەرجەم وەزارەت و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت هەماهەنگی دەکەن لەگەڵ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

٦. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران